# ئەنتۆنی ئیڤان هێکت...شاعیری شێوەخوازی ئەمریکی
# ماڵئاوایی لە ژیان کرد

**ئەنتۆنی هێکت شاعیرێکی فۆرمالیست (شێوەخواز)ی کارامە بوو.ڕۆژی چوارشەممە 20-10-2004 لەماڵەکەی خۆیدا لەواشنتۆن بەهۆی نەخۆشی (لیمفۆماوە)lymphoma- لەتەمەنی 81 ساڵیدا ماڵئاوایی لەژیان کرد.**

**یەکەمین کتێبی** A Summoning of Stones **لە ساڵی 1954 دا بڵاو کردەوە و دواتر زیاتر لە 6 کتێبی شیعری تری بڵاوکردەوە کەهەر کتێبی لەدەیەیەکدا بڵاوکردەوە. هەروەها 2 کتێبی ووتاری ڕەخنەیی و کتێبێکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەسەر شیعرەکانی** W.H.Auden **لە ساڵی 1993 بڵاو کردەوە بەناوی** The Hidden Law **، کەبەم کارانەی چەندین خەڵاتی پێدرا لەوانە ((خەڵاتی پۆلیتزەر)) بۆدووەم کتێبی** The Hard Hours **لە 1968 ،خەڵاتی ((**Bollingen**)) لە 1983 ،هەروەها خەڵاتی (**Tanning**) 100000$ ئەمریکی لەلایەن ئەکادیمیای شاعیرانی ئەمریکی یەوە .**

**ئەنتۆنی کاتێ خەڵاتی (**Tanning**)ی قەبوڵ کرد لە ساڵی 1997 کارەکانی خۆی بەم شێوەیە وەسف کرد((:فۆرمالیست.دژە واتایە.بەڵێ ناڕۆشنی لە زۆربەی شیعرەکانمدا هەیە و هەندێ جاریش زۆر بەخراپی مامڵە لەگەڵ ڕوخساری بوون دەکات.))**

**یەکێك لەو خراپترین مامڵەیە ئەنتۆنی ئەڵێت ئەو کات بوو کەلە کەمپی مردنی نازییەکان بووم کە ئەو کات سەربازێکی پیادە بووم لە جەنگی جیهانی دووەم.**

**((شاعیر و ڕەخنە)) ناوی کتێبێکی ((**J.D.McClatchy**))سەبارەت بە ئەنتۆنی هێکت ئەڵێ((شیعرەکانی ئەنتۆنی هێکت هەندێ جار کۆپلەی شیعری زۆر جوان و داهێنەرانەی تێدایە)) هەروەها دەڵێت((ئەنتۆنی هونەرمەندێکی بەرپرسیارە،هونەرمەندێك وەڵامدەرەوەی مێژوو، و سیاسەت و تراژیدیا ناوخۆییەکان و گیروگرفتە بەردەوامییەکان)) .هەروەها** J.D. **دەڵێت((جوانی لە شیعرەکانی هێکتدا ئەو شارەزاییە بێ وێنەیە لەبەکارهێنانی ئەو ماتریاڵانەی کەبەکاری دەهێنێ لە ئازار و گۆشەگیری و دەستە پاچەیی لەهەلومەرجی ژیانی مرۆڤ کەکارەکانی ئەو پێك دەهێنێت)).**

**ئەنتۆنی ئیڤان هێکت لە شاری(**New York **) لە16 جانیوەری 1923 لە دایك بووە.ئەنتۆنی ئەیگووت (هیچ حەزی لە شیعر نەبووە تا لەتەمەنی 17 ساڵیدا چووەتە ((**Bard Colleage**)) و ئەوسا کەوتۆتە داوی عەشقی شیعرەوە). ئەوکات یەکسەر دایك و باوکی ئاگادار دەکاتەوە کەبڕیاری داوە ببێت بە شاعیر.ئەوانیش پێی دەڵێن کە بکەوێتە سۆراخی ئامۆژگارییەکانی (**Theodor Geisel **) کە هاوڕێیەکی خێزانەکەیان بووە کەسێکی شارەزا بوو .(**Geisel **) بە ئەنتۆنی گەنج دەڵێت((ژیاننامەی (**Joseph Pulitzer **) بخوێنێتەوە))،بەڵام ئەنتۆنی هەرگیز نەیخوێندەوە و گومانی دەکرد لەوەی کە ساردی بکاتەوە لەبوونی بە نووسەر .دواتر ئەنتۆنی ناو و ناوبانگی پەیدا کرد و ناسراو بوو ئامۆژگاری نووسەرە لاوەکانی دەکرد کە ئەگەر دەیانەوێ سەرکەوتوو بن با ژیاننامەی پۆلیتزەر نەخوێننەوە.**

**پاش دەرچوونی لە کۆلێژی بارد(**Bard Collage **)) لە ساڵی 1944 خزمەتی سەربازی کرد لە ئەوروپا و یابان لەساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا و خۆی شایەدی ڕزگارکردنی حەشاماتی سەربازی کەمپەکان بوو،ئەم شارەزاییە دواتر دەیورووژاند لە دووبارە بوونەوە ی یادەوەرییەکانی (هۆلۆکۆست) لە کارەکانی ئەنتۆنی و ئەمەش بووە چەقی تێگەیشتنی ئەنتۆنی لە ئەهریمەنی جەنگ.**

**پاش تەواوبوونی جەنگ بڕوانامەی ماجستێری لە زانکۆی کۆلۆمبیا وەرگرت و بوو بەیەکەمین شاعیر کەخەڵاتی (** Prix de Rome **) ی لەلایەن ئەکادیمیای ئەمریکا لە ڕۆما وەربگرێ.کاتێ کەلەڕۆما بوو چەند شیعرێکی لەلایەن((ڕێلك))ەوە**

وەرگێردرا و پاشان ((لوکاس فۆی) ئاوازی بۆ دانان و لەژێر ناوی((A Parable Death –چیرۆکی مەرگ ))دا بلاو بوونەوە.
ئەنتۆنی وەکو شاعیرێکی شێوەخواز(فۆرمالیست) خەمسارد بوو لە پەیوەست بە ژیاننامەو خوێندنەوەی کارەکانی،سەرباری ئەوەی ڕەشبینی باڵی بەسەر زۆربەی شیعرەکانیدا کێشاوە.سەرباری ئەمانەش ئەنتۆنی دوو کوڕی هەیە لە ژنی یەکەمی و کوڕێك لە ژنی دووەم.
دووا کتێبی شیعری ((The Darhness and the Light –تاریکی و تیشك)) لە 2001 دا بلاو بۆوەو هەروەها لەگەڵ کتێبی(فڕین بەنێو گۆڕەکاندا–Flight Among the Tombs ) لە ساڵی 1996 دا بلاو بۆوە ،بابەتی سەرەکی هێکت ((مەرگ))ە و ئەویش بە 22 زنجیرە لە ووتار سەبارەت بە مەرگ بەیاوەری کارە هونەرییەکانی(لیۆنارد باسکین– Leonard Baskin)کەبریتی بوون لە هەڵکۆڵین و نەخش لەسەر دار،دەستی پێکرد.ئەنتۆنی زور قەشەنگ و جوان کۆتایی پێ دێنێت لە (مردن لە زستاندا–A Death in Winter )کە بۆ جۆزیف برۆدسکی ووتوە کە بە ئاماژەیەکی زاتیانە کۆتایی پێ دێنێت کە دەڵێت:

خوێنەران،لەژێرەوە جەخت دەکەنە سەر شیعرەکانی
شادومانی و مۆسیقایان،هێمایە بۆ تەزینی نەسەبیان
ئۆف بێ مانایە هەست کردن و دەستەمۆ کردنی ئازار و
دەنگی پێکەنینی کەسێك کە کەلەنێو ددانەکانیەوە دەبیستریێت.

سەرچاوە/National Post Newspaper
Monday,Oct25,2004

وەرگێرانی بەتۆزێك دەستکارییەوە لە ئینگلیزییەوە
عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)
ڤانکۆڤەر–کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر/2004